**بەرێزان : خەونێکی گەورە بوو بۆ هەموو تاکێکی کوردی و هەموو ئینسانێکی ئازادیخواز ، کە ئەمرۆ سەدام حسێن و دارودەستەکەی لە بەرانبەر دادگا ڕاگیراون بە تۆمەتی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی کورد .**
**چەند دانیشتنێک لەو دادگاییکردنە بەڕێوەچووە ، گەشبینی دوێنێی شەقامی کوردی بە ڕەهەندی دادگاییکردنەکە ڕوو لەکزییە . هەست دەکرێ هۆلی دادگا بۆتە یەکلاکردنەوەی کێشە سیاسییەکان نەک وەرگرتنی مافی قوربانی لە جەلاد ، ئەمانەو کۆمەڵێ سەرنجی تر ئەمرۆ بوونەتە باسو خواسێکی هەنووکەیی شەقامی کوردی ، بۆ یە ئێمەش وەک دەنگەکان بە پێویستمان زانی بەم چەند پرسیارەی لای خوارەوە لە دەرگایی کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانمان بدەین .**

**1-دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق تا چەند پێوەرو گونجاوە بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و کۆ کوژی کورد.**

ئەو دادگایە لەلایەن دەسەڵاتی CPA و ئەنجومەنی کاتی حوکم پەسندکرا و لە بنچینەیاسا کاتیەکە لە ئەرتیکلی 48 دا ئاماژەی بۆ کراوە. پاشان لە لایەن ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق پەسند کراوە. بەو واتایە هەوڵ دراوە، ڕەوایەتیەکی یاسایانە بدەنە بوونی دادگاکە. ئەوجا ئەو دەزاگایانە چەندە ڕەوایەتی بڕیاریان هەبوو، یا چەندە لە بڕیارەکان ئازاد بوون، یا چەندە نوێنەری گەلن، ئەوە پرسیاری دیکەن.

ئەوەی بە گەلی کوردەوە پەیوەستدارە، نوێنەرانی کورد خۆیان پەسندی بوونی دادگایەکی لەو شێوەیەیان کردووە. پەسندکردنی دادگاکە وەکو کۆمەڵێ ڕێکەوتنی تر سەبارەت بە دروستکردنەوەی ئێراقی دوای سەدام تەبامەندی نوێنەرانی کوردی لەگەڵدا بووە. دیارە دەسەڵاتی کوردی لە پرسە چارەنوسسازەکاندا بۆ گەل نەگەڕاونەتەوە، خۆیان چۆنیان لاپەسند بووە، وایان کردووە. کێشەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات سەبارەت بە گەلێ پرسی گرنگ بەگشتی لێرەدا سەرهەڵ دەدەن. ئەوجا ئایا ئەوان لە ئاست پرۆسەکەدا بێدەسەڵات و لاواز بوون، یا هەر ئەوەندەیان لێزانییوە، یا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان بووە، ئەوە دیسان پرسیاری دیکەن و دەکرێ گەلێ لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. بۆیە ئەگەر گلەیی و ڕەخنە سەبارەت بە ناڕەوایەتی و ناگونجاوی دادگاکە هەبێت، ئەوە بەر لەهەر کەسێک دەبێ ڕەخنە ئاراستەی دەسەڵاتی کوردی بکرێت.

سەبارەت بە گونجاوی و ڕەوایەتی ئەو دادگایە، پێموایە ئەو دادگایە زۆر ناڕەوایە و لە میانەی پرۆسەیەکی ناگونجاو و لە کەشێکی نائازادا دروست بووە. لەو پرسە گرنگەدا گەلی قوربانی پرسە خەسوانەشی پێنەکرا. ئەو دادگایە بەهیچ جۆرێک لە ئاستی داخوازیەکانی گەلی قوربانی کوردا نییە، ئەوە ئەگەر کورد وەکو ناسیۆن سەیر بکەین. بوونی دادگایەکی ئەوها نزمکردنەوەی بەهای ناسیۆنبوونی کوردە. گەلی قوربانی کورد شایانی ئەوەبوو وەکو هەر گەلێکی دیکەی گەلکوژکراو سەیری بکرێت و کارەساتەکانی بخرێتە بەردەم دادگایەکی نێونەتەوەیی بێلایەن. چۆن دەکرێ خەڵکی سەربە نەتەوەی گەلکوژ دادگایی کارەساتێک بکەن کە خەڵکی سەر بە نەتەوەکەی خۆیان دژی گەلێکی ژێردەستە ئەنجامیان داوە. هەر ناسیۆنێک لە نرخی نەتەوایەتی خۆی بگات و خاوەن و نوێنەری نیشتیمانپەروەری هەبێت، ئەوە پەسند ناکات و دژی دەوەستێت. هەر بۆ بیرخستنەوە، لەدوای کۆتایی جەنگی ئیسرایل و حزبوڵا، ئەڵمانیا ئامادەیی خۆی لەبەشداری  هێزی ئاشتیپارێزدا ڕاگەیاند، بەڵام هێزەکانی نەناردە سەرسنوری ئیسرایل، لەبەرئەوەی نەوەکو جووەکان تورە بکەن، بەڵکو تەنها لە پاراستنی سنوری دەریایی لوبناندا بەشدار دەبن.  نیوسەدە بەسەر هۆلۆکۆست تێپەڕیوە، بەڵام ڕێزی سەروەری و بەهای نەتەوەی قوربانی دەگیرێت. کەچی ئەنفال و پاکتاوەکانی کورد دوێنێ ڕوویان داوە، جگەلەوەی ئەو ڕێزە لە کورد ناگیرێت، سەرکردەکانی کورد دەچن قۆڵ لە قۆلێ عارەبان هەڵدەکێشن و کارەساتەکانیش دەخەنە ژێر دەستی نەتەوەی باڵادەستی دوێنێ گەلکوژ.

هەروەها دادگای ئێراقی و دادوەری عارەب ناتوانێ نە لە لایەنی یاساییەوە نە لەلایەنی مۆرالیەوە بێلایەنی خۆی بەرامبەر بە کارەساتەکان و دۆزی کورد بسەلمێنێت. ناکۆکی نێوان عارەب و کورد بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو لە ئارادا بووە، بۆیە نە عارەب بەرامبەر بە کورد، نە کورد بەرامبەر بە عارەب دەتوانن بێلایەن بن یا دەتونرێ وەکو بێلایەن سەیر بکرێن.

**2-پرۆسەی دادگاییەکە چۆن دەگوزەرێ و تا چەند تەبایە لەگەڵ خواستی جەماوەری کوردستان و سکاڵای زیان لێکەوتووان.**

پرۆسەی دادگاییەکە، کێشەی لاوازی و بێتوانایی، کێشەی بێئەزموونی، کێشەی گومانی بێلایەنی، کێشەی گومانی ناسەربەخۆیی، کێشەی بەڕێوەبردن، کێشەی زمانی هەیە. ئەو کێشانە لە هەموو لایەنەکانی بەشداری پرۆسەکەدا هەیە. ئەگەر واز لەوە بێنین کەوا بوونی زمانی عارەبی لە دادگایەکی ئەوهادا سوکایەتیە بە گەلی قوربانی کورد، ئەوە کێشەی زمان بە بەردەوامی درێژەی هەیە، سکالاکەران زۆریان زمانی عارەبی نازانن و تێناگەن لە دادگا چی ڕوو دەدات، ناتوانن وەکو پێویست کارەساتەکانیان بگێڕنەوە، لەبەر وەرگێران. تێکنەگەیشتن لەبەر وەرگێران لەنێوان کەسەکاندا هەیە. خەڵکی قوربانی و گەلی قوربانی بەگشتی زۆریان لە زمانی دادگاکە ناگەن، بۆیە کێشەی زمان هەر لەناو هۆڵی دادگاکەدا نییە، بەڵکو لەدەرەوەی دادگاکەشدایە.
خەڵکی کوردستان زانیاریان سەبارەت بە پرۆسەیەکی ئەوها زۆر کەمە، بۆیە خواستەکانیان سادە و سروشتین. ئەگەر دادگاکە بتوانێ سەدام و داروەستەکەی بە کوشتن سزا بدات، ئەوە خەڵکی کوردستان ئاسایی پەسندی دەکەن. بێئەوەی لەقوڵایی و بنچینەی سزاکە بپێچنەوە. دیارە ئەو دادگایە بە لایەنگیری دادوەرەکەی خەڵکی کوردستانی بێزارکرد، بۆیە لە ئاستی ئەو خەونە سادەیەی خەڵکی کوردستانیش تا ئێستا نەبووە. خەڵک خەریکە بۆخۆیان تێگەیشتنێکی ڕەخنەگرانەی سادە لەسەر دادگا دروست دەکەن.

### 3-ڕەخنەو سەرنجەکانی شەقامی ڕەوەندی کوردی چۆن دەبینن ؟ ئەتوانن چی بگۆڕن لە ڕەهەندی دادگاییەکە؟

شەقامی ڕەوەندی کوردی ڕەخنە و تێبینی زۆر لاوازە و زۆریان لە پرۆسەکە وەکو پێویست ناگەن، ئەوەش دەکرێ لەبەر کەمهوشیاری، یا کەمتەرخەمیی دەسەڵاتی کوردی، یا لەبەر لایەنگیری دەسەلاتی کوردی بۆ پرۆسەیەکی ئەوها بێت. خەڵک لەو بارە لاوازەی ئێستایان سەختە بتوانن شتێ بگۆڕن، بەتایبەتی ئەگەر بزانین، خەڵک ئەو گرنگیەیان لای دەسەلاتداران نییە. ڕیکخراوە سەربەخۆکان لەناوەوە سەختە بتوانن شتێ بگۆڕن، لەبەر هەمان هۆی کە گوترا. بەڵام لەدەرەوە ڕەنگە بتوانن کاریگەریان تا ڕادەیەک هەبێت، چونکە ئەوانە دەتوانن لە ڕێگای ڕێکخراوی دیکەی ناسراوی جیهانی گوشارێک دروست بکەن. دیارە ئەو گۆڕینەش سنوردارە و لە هەندێ گۆڕینی بچوک زیاتر سەختە تێپەڕێت. وەکو نمونەی لادانی دادوەر عەبدوڵلا عامری. پێویستە بگوترێت ئەوەش تەنها بەگوشاری ڕێکخراوە سڤیلەکان یا ڕۆشنبیران نەبوو، ئەوە نەدەکرا ئەگەر حکومەتی ئێراقی ئارەزووی نەکردبایە. دیارە هەنگاوەکەی حکومەتی ئێراقی و دەستتێوەردانی لە دادگا، پرسیارێکی گەورەی لە بەرامبەر بوونی سەربەخۆیی دادگا قیتکردەوە.
بەکورتی گوشاری خەڵک و ڕێکخراوی سڤیل تەنها لە شوێنێکدا کاریگەرن کە بە هەند هەڵبگیرێن، دیارە ئەگەر گوشارەکە زۆر گەورە و بەرفراوان بێت، ئەوە شتێکی دیکەیە. هەرچۆنی بێت، هەوڵدان و گوشاری بەردەوام پێویستە بە بەردەوامی هەبێت، ئەگەر هیچیش نەگۆڕێت، ڕۆڵی هوشیارکردنەوە و ڕۆڵی ئاشکراکردنی ڕاستیەکان دەبینێت.

### 4-بۆچی چۆنیەتی بڕیاردانی ئەنفال وەک کردەی جینۆساید بۆ کورد گرنگە؟

گینۆساید یا گەلکوژی واتای هەوڵی لەناوبردنی گەلێکە لەبەر جودایی نەتەوە، ئایین، ڕەگەز یا ئێتنی. واتە مەبەست لە تاوانکاریەکە لەناوبردن و تۆوبڕینەوەیە بەیەکجاری. دیارە هەر لەبەر ئەوەشە تاوانی گەلکوژی وەکو گەورەترین تاوان یا تاوانی تاوانەکان سەیری دەکرێت. گەلکوژی ئەنفال یا پرۆسەی لە ناوبردنی گەلی کورد بەگشتی، گرنگە وەکو تاوانی ژینۆساید بناسرێت، لە دادگایەکدا کە لەسەر ئەو تاوانکاریانە کەسانێک دادگایی دەکات. چونکە ئەگەر دادگا دان بە بوونی ئەو تاوانە نەنێت، کەسیش لەسەر بوونی ئەو تاوانە سزانادات. بەشێوەیەکی دیکە ئەگەر دادگا سزای عەلی کیمیاوی بە تاوانی گەلکوژی بدات، کەواتە دادگا دان بە بوونی تاوانی گەلکوژی دەنێت و لەسەریەتی ئەوەش لە بڕیارێکدا ڕوونکاتەوە چۆن. بۆنمونە لە کەیسی ڕدیسلاڤ کریستیچ دا پێشتر ئەو بەتاوانی گەلکوژی سزا نەدرابوو، چونکە سەرەتا دادگای نێونەتەوەیی تاوانکاریەکان لە یوگوسلاڤیا ICTY پێیوانەبوو کۆمەڵکوژیەکەی سرێبرەنیسا گەلکوژیە. بەڵام لە هەڵسەنگاندنی کەیسەکە بۆ جارێکی تر و دوای هەشتساڵ مشتومڕ، دادگا سزای تاوانی گەلکوژی بەسەر کریستیچ داسەپاند و بەمجۆرە دانی بە بوونی تاوانی گەلکوژی دانا، هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە بۆ ئەو تاوانە گەلکوژییە.

بێینە سەر پرسیارەکە، بەپێی یاسای نەتەوە یەکگرتووەکانی پەیوەستدار بە مافی چارەنوسی گەلان، ئەگەر گەلێک لەژێر چەوساندنەوەی سیستەماتیکی بەردەوام دابێت، یا بەرەورووی پاکتاو ببێتەوە، ئەوە ئەو گەلە مافی خۆیەتی داوای مافی چارەنوس بکات. ئەگەر بوونی تاوانی گەلکوژی بسەلمێندرێت، بوونی ئەو مافە بەهێزتر دەبێت و

پشتگیریەکی بەهێزتر بۆخۆی پەیدا دەکات. دیارە ئەوە لەهەموو بارەکاندا بە ویستی ئەو ناسیۆنەوە خۆی بەندە، کە ئەو ناسیۆنە بڵێ من جیانابمەوە و بەیەکەوەژیان لەبەرژەوەندم دایە، ئیتر ئەو خۆی نایەوێ ئەو مافە بۆخۆی بەکار بهێنێت. بەو واتایە سەڵماندنی بوونی گەلکوژی خۆیلەخۆیدا مسۆگەری بوونی سەربەخۆیی یا جیابوونەوە ناکات و لە هیچ یاسایەکی نێونەتەوەیی نەگوتراوە، ئیتر ئەو ناسیۆنە قوربانییە دەبێ جیابکرێتەوە یا ستاتی سەربەخۆی بۆ دروست بکرێت. دیارە لێکدانەوەی دژبەیەک و جیاواز بۆ مافی چارەنوسی گەلان هەیە و هەر یەکە بەپێی بەرژەوەندی خۆی لێکی دەداتەوە. بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکانیش ناچاری نین و ستاتەکان دەتوانن لاملی بکەن و ملکەچی ئەو بڕیارانە نەبن، ئەگەرچی خۆشیان مۆری ڕیکەوتنامەکانی مەڕ مافی گەلانیان کردووە و ئەوە پێشیلکردنە.

لەلایەکیتر سەڵماندنی گەلکوژی گرنگە، چونکە دەکرێ ببێتەهۆی ئەوەی بیر لە پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی کارەساتی لەو شێوەیە لە داهاتوودا بکرێتەوە و میکانیزمێک بۆ ئەم مەبەستە دابندرێت. بەڵام وەکو تاقیکردنەوەکان سەڵماندوویانە، بۆ دووبارەنەبوونەوەی کارەساتی گەلکوژی هیچ گەرەنتیەک نییە. جیابوونەوە و دامەزراندنی ستاتی سەربەخۆ بۆ گەلی قوربانی تا ئێستا باشترین گەرەنتی بووە. بەبێ بوونی ئەوە، ئەگەری دووبارەبوونەوە هەیە.
پێویستە وەبیری بێنینەوە، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکی بێ دەسەڵاتە و توانای پێشگرتنی گەلکوژی لاوازە، ئەوە ئەگەر پشت بە نەتەوەیەکگرتووەکان ببەسترێت.

سەڵماندنی تاوانی گەلکوژی گرنگە، چونکە ئەوە وا لە ستاتی ئێراق دەکات بەناچاری داوای لێبوردن لە گەلی قوربانی بکات و قەرەبووی قوربانیان بکاتەوە، هەروەها هەڵوێستی لە ئەگەری جیابوونەوەی کورد دا لاواز دەبێت، ئەگەر بەرهەڵستی بکات.

سەڵماندنی تاوانی گەلکوژی گرنگە چونکە ئەوە دەبێتەهۆی ڕیسوابوونی هەموو ئەوانەی بەشداریان لە تاوانەکەدا کردووە، بە تایبەتی وڵاتان و کۆمپانیاکانی عارەبی و ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی. ئەوە ڕێگا بۆ دادگاییکردنیان خۆش دەکات و باشتر پشتگیری بۆ دادگاییکردنیان پەیدا دەکات.

سەڵماندنی تاوانی گەلکوژی گرنگە چونکە تەنها ئەو سەڵماندنە لە ئاستی گەورەیی تاوانەکەدایە.

**شاخەوان شۆڕش**
22.09.2006